# کێکی عید میلاد + 7 هەزار دینار بەرامبەر دانیشتنت لە یادی ئەنفال .....

رزگار کۆچەر
rzgar77@hotmail.com

لە بەرواری 2006/7/30کۆمەڵەی گۆری بەکۆمەڵ و ئەنفالەکانی کوردستان بە هاوکاری بەرنامەی کۆمەڵگای مەدەنی عێراقی بە نیاز بوون کۆڕێکی گەورە وەك خۆیان لە دواتەکە نوسیویانە ئەنجام بدەن و هەندێك لە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بانگێش کرابوون تا بەژدار بن لەم مەراسیمە شکۆدارە بەڵام وەك لەم کۆرە بۆم دەردەکەت زۆربەی رێکخراو ngo کانی کوردستان ئەوەندەی مەبەستیانە ریکلام و پرو پاگندە و دەست کەوت بۆ خۆیان دەستە بەر کەن ئەوەندە مەبستیان نیە خزمەت بکەن ....

بۆیە وەك کەسێك کە ئاگاداری بەرێوەبردنی ئەم کۆرە بووم کە بریار بوو مەراسیمێکی گەورەی بۆ بکرێت چەند تێبینیەك باس دەکەم ...

1- بریار بوو کۆرەکە لە کاتژمێر 10 ی بەیانی ئەنجام بدرێت بەڵام وەك هەندێك لە بەرێوەبەرانی کۆرەکە دەم نادەمێك لە پێش خۆیان دەیان گوت ئاخر جی بکەین موعیدی کورد کەی راسست بوە ناچار کۆرەکە لە کاتژمێر 12 کەم جارەکی پێش نیوەرۆ ساز کرا .....

2- بریار بوو سێ وەزیری حکومەتی یەکگرتوی هەرێمی کوردستان لە کارەکانی بەرێوەبردنی کۆرەکە ئامادە بن بەڵام وەك دەرکەوت نە وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفال کراوەکان نە وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بە ژداری مەراسیمەکە نەبوون گەر هەڵە نەبم وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم نوێنەرێکی لە جیات خۆی ناردبوو...!!!!!!!!!!!

3- موشکیلەی ئێمە نازانین جۆن یادی مەراسیم دەکەینەوە خەڵکی لە مەراسیمە ناخۆش و پرخەمەکان مۆم پێ دەکەن مۆم دەکوژێنەوە کەجی ئێمە کێکی عید میلاد شەق دەکەین ئاخر پێم نالێن ئەم هەموو کێکی عید میلاد بۆ جی....؟؟؟؟ ئاخر ئەنفال و قسە کردن لەسەر ئەنفال کراوەکان کەی ئەم هەموو مەسروفەی دەوێت گەر مەبەستان بایە دەکرا تەواوی خەرجی ئەم کۆرەتان بۆ بنەماڵەی ئەنفال کراوان بەخش کردبا ئینجا دیقەتان دابانایە دەتان زانی چەندە دلخۆش دەبوون ؟؟؟؟؟

4- تا بەرێوەجونی نیوەی کۆرەکەش ژمارەی ئامادە بوان خۆی لە 15 کەس تێ نەدەپەری لە ناکاو هۆڵەکە پر بوو لە گەنج و گیژۆلەی تەمەن 13 سالی ....گوێم لە کورێك بوو دەی گۆت کورە حەز دەکەی تا ئێوارە لێرە دادەنیشم ئیش و کارم جیە خۆ نانێکی جاك و پاقلاوە و کێکی عید میلاد و 7 هەزار دیناری خۆم وەردەگرم بێجگە لەوەی یەك لە میوانەکان خزم و کەس و کاری هەموو هێنا بوو!!!!!!

ئیمرۆ مەراسیم کردن بۆ یادی ئەنفال پرسێکی ئەوەندە گەورەیە لەبەر چەند هۆیەك کە گرینگ ترینیان خۆی لە نزیك بونەوەی دادگایی کردنی سەرانی رژێم دەبینێتەوە بۆیە گێرانی ئەم جۆرە کۆرانە ئامادە بونی کەسانی پسپۆرو شارەزای دەوێت نەك ئەوەی بێ و خۆی لە ژووری کا تا کێکی عید میلاد بخاواو 7 هەزار دینار وەرگرێت و بیرو هزریشی لە دۆزینەوەی ئەم جۆرە کاسبیانە بێت و کە جوە دەروەش گاڵتەی بە ئەنفال و ئەنفال کراوەکان بێت ئاخر پێم ناڵین کە دەتانەوێ یادی قوربانیانی رێگای رزگار نەتەویی گەلی کورد بکەن دە برۆن خیرتان دەگاتێ بە بنەمالەکانیان بڵێن جەندتان بە جەند پێویست بە شکاندنی کێکی عید میلاد ناکات ...ئەمە کەلتوری ئەنفال جیەکانە..... کێك شکاندن حافیەتان بێت